# رونكردنەوەیەكی پێویست بۆ سەرجەم راگەیاندنە كوردێكان

هێژایان رۆژنامەو سایتەو كوردێكان

لە پاش سلاّو رێز

بە پێویستم زانی رونكردنەوەیەكی پێویست دەربارەی قەزای خورماتوو بۆ سەرجەم دەزگا راگەیاندنەكان رابگەیەنم. چونكە قەزای ناو براو بە كۆمەڵێ ناوی جیاوازەوە بانگ كراوە بە درێژای دیرۆكی بوونی ئەم شارە. بونمونە وەك لە بەڵگەنامەكاندا هاتوە ئەو دەمەی كە جولەكەكان نیشتەجێی ئەم قەزایە بونە بە (خێرمەتی) بانگ كراوە و هەروەها لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمان لێ كاندا بە (دووز) بانگ كراوە سەدەمانێكی تر تەنیا بە (خورماتوو) بانگ كراوە دواتر بوەتە (دووزخورماتوو). بەلاّم لە سەردەمی حكومەتە تۆتالیتارێكەی بەعسدا بە هۆی سیاسەتی تەعریبكرنەوە چۆن ناوی هەزارەها شارو شارۆچكەو گوندیان گۆری قەزای ناوبراویش بەر ئەو سیاسەتە چەوتە كەوت ناوەكەی لە كوردیەوە گۆریە عەرەبی تا هەنوكەش لە دەزگا رەسمێكاندا هەر بە (گوز) بانگدەكرێ.

ئیدی لە دوای پرۆسەی ئازادی ئێراقەوە رۆشنبیرانی شاری خورماتوو هەر یەكەو لە لایەنی خۆیەوە هانی خەڵكیان ئەدا كە تەنیا بە خورماتوو بانگی ئەم قەزایە كەن ئەوەبو زۆرجاریش لە سەر رۆژنامەكان ئەمانبینی تەنیا ئەو ناوە كوردیە بوو چونكە قەزای ناوبراو ئێستا هەر چەندە ئیداریەن سەر بە پارێزگای (تكریت)ە بەلاّم یەكێكە لە قەزا دانەبڕاوەكانی كەركوك. ئەوەبوو رژێمی بەعس لە ساڵی (1976)بە سیاسەتێكی ئۆلیگارشیانە ئەم شارەی لە كەركوكی دایك دابڕاندو خستیە سەر پارێزگایەكی دیكە.

خوێنەرانی هێژا مەبەستی سەرەكی من لەم رونكرنەوەیە ئەوەیە چەند جارێك لە سەر رووپەلی رۆژنامەكاندا بینیمە كە ئەم قەزایە هەم بەخورماتوو ناوی هاتوە هەمیسان بە دووز بونمونە لەم چەند رۆژەی رابردوودا لە یەكێك لە رۆژنامە كوردێكان هەر لەلاپەرەیەكدا دوو هەواڵی خورماتووی تیدا هەبوو لە هەواڵێكدا بە دووز ناوی هاتوە لە هەواڵێكی دیكەدا بە خورماتوو ناوی هاتوە. ئەمەش گەر كەسێك خەڵكی ئەم دەڤەرە نەبێ نازانێ هەریەك چێگایە. لە كۆتایدا هیوادارم سەرجەم دەزگا راگەیانەنەكان جەماوەری بەشەرەڤی كوردستان ئیدی هەر بە خورماتوو ناوی ئەم قەزایە بەرن چونكە ووشەیەكی پەتی كوردیە و ناوە ئەزەلێكە خۆیەتی...

لەگەڵ ئەوپەری رێزمدا

عەبدوڵلاّ ئەحمەد گەرمكی

خورماتوو